www.kurdistannet.org
28/01/2002 19:31

# **ئەستريد ليندگرين. . مرد. !**
Astrid Lindgren

شـــێرزاد هەیـــنی ــ سوید
heinisherzad@hotmail.com





Foto: JONTE WENTZEL

ئیمرۆ بەیانی نوسەری گەورەی ئەدەبی منالآنی سویدی " ئەستريد ليندگرين " لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا كۆچی دوایی كرد. ئەستريد لە ١٤ ی نۆڤمبەری ١٩٠٧ لە شارۆچكەی ڤیمبەری لەدیكبووەو لە سەرەتای ژیانی لاوییداو بۆ بژێوی ژیانی كاری رۆژنامەگەی لەم شارەدا كردووەو دوایی بەرەو پایتەخت رۆیشتوە. لە ساڵی ١٩٤٤ یەكەم كۆمەلە چيرۆكی بۆ منالآن بە زمانی سویدی چاپكردووەو دوا بەرهەمیشی كە ژمارە ٤١ لە ساڵی ١٩٨١ چاپكردووە. ئەم بەرهەمانەی سەرجەم بۆ زارۆكان نوسراوە. بە دەربرین و زمان و گێرانەوەكان لە هزری منالآن و مێردمنالآن نزيك بویتەوە.



زۆربەیان بەسەرهاتی منالّی خۆی تێدایەو وەك خۆی لە چەندین دیدارا وتویەتی زۆریان لە دایكوباوكی خۆمم بیستون. ئەستريد ليندگرين نوسینەكانی زۆر سادەن و ئەندیشەی قوولیشی تێدایە. چيرۆكەكانی تەرجمەی زۆرتر لە هەشتا زمانی زیندووی جیهان كراوەو چەندین جار چاپكراونەتەوە. تا ئیمرۆ زیادتر لە ( ٨٠ ) ملیون دانەی لە سەرانسەری جیهان لێ فرۆشراوە. هەتا ساڵی ٢٠٠١ یش كتێبەكانی ئەو لەسەرووی ئەو كتێبانەبوو كە لە كتێبخانەكانا داخوازی دەكران. ئەو چيرۆكەی ئەو كە لە ساڵی ١٩٤٧ دا چاپیكردووە بەقەد كتێبی ناوداری ئیمرۆی جیهانی " هاری پوتێر " ناودار بووە. زۆربەی چيرۆكەكانی كراون بە فلیم و لەشاشەكانا ناوبانگیان هەبووە. ئەستريد خۆشەویستی هەموو زارۆكان بوە.

* ئەستريد لە تەمەنی هەرزەكارییدا یەكەمین كیژبووە كۆششی بۆ مافی ژنان كردووەو لە شارۆچكەكەی خۆی و نەریتی ئەو كاتەدا یاخی بووەو جلی سفووری لەبەركردووە. بۆیە زوو حەزی كردووە بچێتە پایتەخت و زۆرتر ئاوێتەی مەدەنیەت بێت.

* چەند كتێبیشی تەرجمەی كوردی كراوەو لەلایەن خوێتەری كوردیش لە دەرەوەی سویدا ئاشنایەتی ئەویان هەیە.

* خەونی هەموو سویدیەك بووە ئەو نوسەرە گەورەو نادارەی خۆیان خەلاتی نۆبلی ئەدەبی بەركەوێت، بۆیە ساڵانە گلەییان لە لیژنەكە هەبوو. بۆیە ئیمرۆ یەكەم قسەیان ئەوەبوو، مردو خەلاتەكەی بەرنەكەوت، چونكە دەزانن خەلاتی نۆبل بەر نوسەری مردوو ناكەوێت.

* من لەو شارۆچكەیەدا دەژیم كە زێدی ئەو بووە، ئەم ساڵ هاوینێ دوو میوانم لە دەرەوەی سوید هاتن. یەكێكیان، لە بریتانیاوە هاتبوون، زوو لە هەردوو منالّەكەم پرسی: ئێوە ناوی ئەو شارە ناس دەكەن، یەكسەر ولآمیان دامەوە، بەڵێ، كەس نیە، لە بریتانیا " پیپی گۆریە درێژ " كە ناوی ناودارترین چيرۆكی ئەوەو كراوە بە فلیم و فلیمی كارتۆنیش و

بەچەندین شێوەو چەندین جار دەرهێنراوە، نەناسێت. هەروەها مێوانی دووەممان لە ئەلمانیاوە هاتبوون، ئەوانیش منالەکانیان ناوی ئەو نوسەرەو ئەم چیرۆکەو چیرۆکەکانی تری ئەویان دەزانی.

* لەم شارۆچکەیەدا، باخچەی منالاّن بەو ناوە هەیەو لەسەر رووبەرێکی فراوانا کراوەو زۆربەی چیرۆکەکانی بە چەندین زمان و لەلایە منالاّن خۆیانەوە نمایش دەکرێن، هاوینان لەهەموو سوچێکی جیهانا، منالاّن دایکوباوکیان راپێچی ئەم شارە دەکەن، تا نمایشی " پیپی گۆریە درێژ " و چیرۆکەکانی تر ببین. بەتایبەتی ولاتانی وەك دانیمارك و ئەلمانیا و ئیتالیا و یابان و. .

* چیرۆکە ناودارەکانی ئەستريد ئەوانەی زۆر کراون بە فلیم و شانۆگەری و زارۆکان ناوی دەزانن بێجگە لە پیپی گۆریە درێژ، ئیمیل و میو میو و نیلز و زۆری تر کە بە چەندین بەرگ چاپکراون.

* لە نهۆمی دووەمی کتێبخانەی شارۆچکەکەمان ژووری تایبەتی نمونەی کتێبەکانی بە زمانی سویدی و زمانانی تر رێزکراوون، لەوانە دوو دانەی کوردی بە زاراوەی سۆرانی هەن. ئەوەی ماوە بلێم ئیمرۆ پاش ئەوەی هەوالەکە بلاّوکرایەوە، هەموو دانیشتوانی ئەم شارە بۆی هەژان و سەرجەم بە یەکتریان راگەیاندو هەموو بوارەکانی میدیای ولاتی سوید بە درێژی باسی ئەو نوسەرە گەورەیان کرد. هەروەها ئالای ولاتیش نەوی کرا.

کوردستان نێت:

منیش کاتێك دەمویست ئەم بابەتە بخەمە ناو کوردستان نێتەوە لە مندالّەکانم پرسی ئەم ژنە دەناسن یەکسەر وتیان ئا ئەوە چیرۆکی مندالاّن دەنووسێت.

عومەر فارس